www.kurdistannet.org
21-7-2006 13:40 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەناوی ئەڵلاوپەیڤەدەری قورئان، وەڵامێک بۆ قسەخۆشەكانی توژەڵەشاربازێڕی ... ساباتی



لەنێوهەرکۆمەڵگەیەکی جیهاندا جۆرەئایینێک وتایبەتمەندی وقودسیەتێکی بەبەرنامەدارێژراوبەرچاوئەکەوێت ورێزی تایبەتی بۆ دادەنرێ رێزلەبنەماكانی ئەگیرێ، سات لەدوای سات رۆژلەدوای رۆژ لایەنی باش و خراپی لێک ئەدرێتەوەو هەرکەسێک پێی بگات بەدڵنیابوون چ دوورکەوتنەوەبێ یاخودچەسپانی ئایینەکەبێت لەناخیدا، کارێکی زۆرئاسایی و سادەیە، بەڵام کەمکردنەوەوهەڵشاخان بەشێوەیەک کەدووربێت لەبەڵگەی ڕاست و دروست، وە هەوڵدان بۆهاندانی خەڵکانی تربەم شێوەیەلەسەرئەم کارەبەرامبەربەئایینێک کەپەیامەگەورەکەی قورئانی پیرۆزەونێردراوەکەی باوەڕپێ کراوەتەنانەت لەلایەن کەسانێک کەباوەڕی تەواویشیان پێی نیە، بەڵگەش بۆ ئەمەنووسینی ناوی (محمد) ە (د. خ) لەڕیزی ناوی هەرەپیاوەگەورەکانی دونیا لەلەندەن.

پێش هەمووشتێک؛من کەسێکم کەلەپشتی هیچ دام ودەزگاوئیدارەیەکی حیزبیەوەقسەناکەم وباوەڕیشم بەهیچ کامێکیان نیەبەتایبەت حیزبە ئیسلامیەکان لەسەرانسەری دونیاوەبەتایبەت لەکوردستانی خۆشەویست، چونکەئەوان بوونەتەهۆیەک بۆچەواشەکردن و دوورخستنەوەی خەڵک لەناخ و ڕاستیەکانی دینی ئیسلام لەم سەردەمەداوهەڵخەڵەتاندنی کەسانی ساویلکەوئایینی ئیسلامیشیان کردووەتەوەسیلەیەک بۆقازانج ودەست کەوتنی سەروەت و سامانێکی زۆر.

من نەعەقڵم لەدەستداوەو نەڕقیشم لەکەس دەبێتەوەکەتۆمەتباری بکەم بەرامبەر بەئایینی ئیسلام، بەڵام زۆرحەزم لەشتی ڕاست و بەبەڵگەی بەجێیەو

سەری بۆدادەنەوێنم، لەهەمان کاتیش ئەگەربەپێچەوانەی ئەمەدەرچووحەز

دەکەم یارمەتی ئەوەبدەم کەراست بکرێتەوە، ئەگەر ڕێم پێ بدەن.... .... ...

هەربۆیەش کاتێک ئەم بابەتەم بەرچاوکەوت، زۆربەوردی سەرنجمداووشەکانی یەکەبەیەکە، شیم دەکردەوەوتووشی سەرسوڕمانێک بووم لەبەرخۆمەوە گوتم:دەبێ ئەم هەمووشتەی کەلەلایەن نووسەری زۆربەڕێزەوەنووسراوەوبڵاوکراوەتەوە ڕاست بن وتائێستاش من نەمزانیون؟؟!!

بۆیەکەوتمە گەڕان بەدوای ساغ کردنەوەیدا، لەبەرئەوەوامکردکەبگەمەناخی ڕاستیەکان و نەزوڵم لەخۆم بکەم وەنەلەنووسەر، لەخۆمەوە دەستم نەکردبەوەڵامدانەوەونووسینەوەی ئەم بابەتە.... .... .... ..

(توژەڵەشاربازێڕی) لەنووسینەکەیدابەناوی (قورئان وئەڵلایەک ناگرنەوە) ، زۆربەڕاشکاوانەئەوەی لەدڵدابووەبەرامبەربەدینی ئیسلام دەری بڕیوە، من ئەم جۆرەکەسانەم زۆرخۆش دەوێ کەبەم شێوەیەچ قسە ئەکەن یاخود نووسین بڵاو دەکەنەوە، لەهەرکوێیەکی دونیابێ وەلەبەرئەوەی کەکوردەوبەزمانی کوردی و هاوخوێن و هاووڵاتی منە، ڕێزێکی یەکجارزۆری لەلام پەیداکردووە، وەنەبێ کە من ماستاوچی بم و ماستاوی بۆبگرمەوە، تەنهائەوەنەبێ کەواچۆن ئەو، ئەوبابەتەبەپێزەی بڵاوکردۆتەوەکە پڕەلەدابەزینەسەرئایینی ئیسلام بەقسەپێ ووتن وسەرکۆنەکردنێکی زۆرسەیروسەمەرەودوورلەهەموو ڕاستیەک، وەنەبێ بڵێم لەلووتکەدایە، نا، بەشێوەیەکی وایە کەبەرلە1400ساڵ پێش ئێستا نەوەک بەقسەونووسین بەڵکو بەکردارکاری واناشیرین کراوەبەملیۆن جارپێشکەوتووترلەم نووسینەی بەڕێز (توژەڵە) ....

بەرامبەربەهەستی نەتەوایەتیش، من لەپێش ئایینەکەمەوەبەکلیلی هەموو دەرگایەکی دادپەروەری وهەستی مرۆڤایەتی وبەرگری کردن لەکەلتووروزمان و شارستانیەتی خۆمی دادەنێم و ئینجا دێمەسەرئاین و قسەی لەسەردەکەم. کەلەیەکەم دێڕی نووسینەکەدانووسەرنووسیویەتی (ئیسلام دینێکەکەباوەڕی بەبوونی نەتەوایەتی نیە) ، منیش دەڵێم من ئیسلامم و باوەڕی نەتەوایەتیشم لەسەرووی دینەکەمەوەیە، چونکەئەوەمەرجی ئایینەکەمەدەبێ پێش ئیسلام بوون ئەم هەستەم هەبێت، ئەگیناچۆن ئەووەفاداریەم تێدا ئەبێت بەرامبەربەکەسانی کۆمەڵگەکەم گوزەربەژیان بکەم.

بابێمە سەرباسی عەرەب کە بەڕای جەنابی نووسەر دینی ئیسلام تەنها بۆئەوان دابەزیوەوبەزۆریش بەسەرخەڵکی دادەسەپێنن، لەوەڵامی ئەوەدادەڵێم گەردینی ئیسلام تەنهابۆعەرەب بووایە، لەپێش هەمووکەسێکەوەمن نەفرەتم لێی ئەکردو وەک تۆدژی ئەودینەقسەم دەکردوبەڵکولەسەرنەهێشتنی خۆشم لەسەری بەکوشتن دەدا، چونکەعەرەب تا بۆی بکرێت کوردئەچەوسێنتەوەوهەوڵی لەناوبردنی یەکجارەکی ئەدات، بەڵام ئەوەمانای ئەوەنیە کەدینەکەیان فەرمان بەوجۆرەکارانە ئەدات، بەڵکو ئەوان خۆیان ئەو سیفەتانەیان تێدابەدی ئەکرێت تەنانەت پێش هاتنی ئایینی ئیسلام، بەڵگەش بۆ ئەمەزیندەبەچاڵکردنی کچان هەر لەساتی چاوبەدونیاهەڵێنانی وخواردنی

ماڵی خەڵک بەناهەق و ریباکردن و زیناکردن کە شێوەی ژیانی دارستانی هەبووخاوەن دەسەڵات بێ دەسەڵاتی ئەخواردومافی لێ زەوت ئەکردکەسیش نەبوومافی بۆبسێنێتەوە.

بەڕیزەکەم تۆ دەڵێ ی کە واباسی قورئان (تف کردنە لەسروشتی ئەم جیهانەو سوکایەتی کردنە بەمرۆڤایەتی. )

دەتوانی بەڵگەیەک و نموونەیەکم لە ئایەتەکانی قورئان بۆبێنیەوەکەسوکایەتی کردن و تف کردن بێت لە مرۆڤایەتی؟

دواترئەڵێی: (ئیسلامەکان پێکەنینیان بەوتەکەم دێت، چونکە هەرگیزلەوباوەڕەدانەبوون کەهیچ کەسێک جورئەتی ئەوەی هەبێت لەئیسلام هەڵگەڕێتەوە!!)

ئەی بەڕێزەکەم ئەوکەسەی پێت پێدەکەنی خۆی لەئیسلام نەگەیشتووەوبەڵکو هەستی مرۆڤانەی زۆرکەمە، چونکە تۆ نەیەکەم کەسی و نە دواهەمین کەس هەڵبگەڕێیەوەلەدینی ئیسلام و تاوانباری بکەی بەچەند قسەیەکی سادەوبێ کەڵک، من کە ئەونووسینەی تۆم بینی وەهەرکاتێک لەوشێوەنووسینەوقسانەئەبیسم، دڵم خۆشتروباوەڕم چەسپاوتردەبێت، ئایا تۆبەقەدەرفیرعەون وئەبووجەهل قسەی ناشیرن وبێ حورمەتیت کردووەبەرامبەر بە دینی ئیسلام و پەیامبەرانی؟؟؟!!!

بێ گومان نەخێر، تۆزۆرلەوەبەڕێزتری کە من تۆمەتبارت بکەم بە بەم شێوە، لەیەکێک لە قسەکانی ترت دەڵێی: (ئەی ئەوئەڵا تەبارەکوتەعالایەبۆلەکوردڕەوانابینێ کەچیتر کۆیلەی داگیرکەر نەبێت!!) .

تۆ ئەڵا تاوانبارئەکەیت بەشت گەلێک کەخۆت و من تێیدا تاوانبارین وبوونەتەهۆی فاشیلی زەمانەبەمیللەتەکەمانەوە. ئایائەڵڵا بەرپرسەلەوەی کەتۆخیانەت لەهاوولاتی و هاوژیانانی خۆت ئەکەیت بەدزین و فێڵ کردن و شاردنەوەی پێداویستی ڕۆژانە، دواتر گرانکردنی لەسەرخەڵکی هەژاروبێ دەسەلات؟ئەمانەهەمووی لەنێوکۆمەڵگەکەی تۆ ڕوونەدات وکوردستانی باشوور کراوەتەدوودەوڵەتی سەربەخۆی سەوزوزەرد، ئایائەلاوعەرەب تاوانباربوون ئەوکاتەی کە لەسەرکاسێتێکی (حەمەجەزا) کوردێکی وەک من و تۆ هەواڵمان ئەدا بەبەعسیەکی خوێن مژوبڕیاری لەسێدارەدانی بۆدەردەچوو، لەپێناوبەرژە وەندی خۆمان بۆپارەوپوول؟ئایا ئەمەش ئیسلام بۆی دانابووین و بەڕەوای نەدەبینی کەببین بەکۆیلەی داگیرکەران؟پێشمەرگەکان کەلەگوندێکی وەک گوندی من وهەزاران گوندی دی کوردستان نانیان قۆرخ دەکردولەدوای ڕۆیشتنیان بەعس دەهات خەڵکی گوندنشینیان شەهیدوخاپووریان دەکرد، ئایائەوەش ئەڵڵا تێیدا تاوانباربوو؟بۆچی ناڵێی مرۆڤەکان خۆیان بەدەستی خۆیان لەهەموونەوسەردەمانەی لەپاش نەمانی سەردەمی راشیدین تاوانیان دەرهەق بەخودی خۆیان ومیللەتی خۆیان ئەنجامداوە.

وەهەردەسەڵاتدارێک ودیکتاتۆرێک کەدروست بووەودەستی بەسەر خاک و نیشتمانی میللەتانی تر داگرتووە، ئیسلامی کردۆتەهۆیەک بۆسەرکەوتنی حەزی نەگریسی خۆی، چونکە دینێک بووە تاکوئێستاش لەوێنەی نەبووەوناشبێ، خەڵک پێشوازی لێکردووەولەگەڵ خوێنی تێکەڵ بووە، ئەمە بووەتەهۆیەک بۆمەرامی مرۆڤی زاڵم و نەک ناخی ئیسلام خۆی بەڕێزەکەم.... (تورکیش کەبەناوی زیندووکردنەوەی ئیسلامەوەتوانی خۆی دروستکاوبێتە دەوڵەت. ) ئەمە قسەی بەڕیزتانەوقسەی من نیە، پاڵپشتی قسەکانی منن بۆروون بوونەوەی ڕاستیەکان کە گەورەیی ئایینی ئیسلام دەردەخا، وەتاکو

ئێستاکەچ ئیمپراتۆرێک ئەوەندەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ودەسەڵاتی (کەمال ئەتاتورک) ی گۆڕبەگۆڕچوودژی ئایینی ئیسلام جوولاوەتەوەوهەوڵی نەهێشتنی داوە، کەچی ئەوهیوایەی لەگەڵ خۆی بردەژێرگڵ، لەڕۆژێکدا لەکاتی گیاندانی گوێی لەدەنگی بانگ دان بووووگوتی: (هەمووژیانم تەرخان کردبۆنەهێشتنی ئەوبانگ و سەدایە، کەچی ئێستاش والەکاتی گیاندانم و ئەودەنگەش هەربەردەوامەونەبڕاوەتەوە. !!!)

تۆفەرمووتە: (ئیسلام باوەڕی بەئەڵڵایەکە، کەلەهیچ شوێنێکدادیارنیەوبوونی نیە!) ، لەوەڵامی ئەوەشدا دەڵێم ئەگەرئەڵڵادیاربووبەباوەڕی تۆ چ حیکمەتێک لەوەدادەمێنێ کە بیپەرستی، ئەوکاتەی کەڕۆشنایی دیمەنی خۆی ئاشکراکرد، هەرچی لەسەرئەم زەوی یەیەڕۆدەچێ ولەناودەچێ لەترس و خەشمی ئەو، چونکەخۆی بۆرۆژی پەسڵان داناوەوئێمەدەبێت ئالەوێ ئەوبیبینین، بۆیە ڕێگەی بەپەیامبەرەکانیشی نەداوەکەلەنێوهەموگرۆی مرۆڤایەتیاهەڵیبژارد وون وکردوونی بەڕێنمایکەرو خۆشەویست.

ئەی ئەوهەموودیاردەی زەوی ڕۆچوون وتەقینەوەی گڕکانەکان و هاتنی شەوو ڕۆژوسوڕانەوەی هەسارەکان لەسەرخولگەی خۆیان بەبێ هیچ لادان و هەڵەیەک وجۆراوجۆری مەلایین زیندەوەری وشکانی و ئاوی، بوونی ئەڵڵاودەسەڵاتی ناسەلمێنن؟یاخودئەمانەتەنهاکاری سرووشتین وبەس، بەڵام کاری ئەوهەمووگۆڕانکاری یەو وردەکاریەبەبێ بەڕێوەبەرێک دەبێ؟بێگومان هیچ لەم گەردوونە مەزنەدانیەبەبێ سەرپەرشتیاروکارڕێکخەر، ئەی ئەگەر

ئەڵڵا بەڕێوەبەری ئەمانەنەبێ دەتوانی پێمان بڵێ ی کە کێ بەڕێوەیان ئەبات بۆئەوەی ئێمەش بیزانین و سەری بۆدانەوێنین؟

سەربارى ئەوەش تۆ دەڵێی: (ئەڵلابۆنەیتوانی هەمووماں بخاتەسەریەک ڕێگا) ئەی ئەگەر هەمووماں لەسەریەک ڕێگابووایں، زۆربەئاسانی دەووتراکەئەڵلا، زوڵمی کردووەلەدیموکراسیەت وفرەڕایی مرۆڤ، کەیەکێک لەبنەماکانی دیموکراسیەت بوونی فرەحیزبی و ڕای جۆراوجۆرە. هەرکەسێک کەئەڵلا خەڵقی دەکات ولەدایک دەبێت، بەئازادی لەدایک دەبێت وئازادی دەکات، لەهەمان کاتیش بەرنامەیەکی بۆ داناوە بۆبەڕێوەبردنی ژیانێکی ئاسوودەوبەختەوەر، بەڵام ئەگەرئەم دروستکراوەلەسەر ئەم بەرنامەیەنەڕوات

ئەوەماناى ئەوەنیەکەئەڵلادەسەڵاتی نیەوناتونێ مرۆڤەکان بخاتەسەریەک بەرنامەویەک ڕێگا، ئایاکەتۆ ئەڵێی دەسەڵاتی نیە، ئەی کاتێ کەمردن ئەگاتەسەرت، ئەم دەسەڵاتەلەلایەن کێیەوەیە؟ئەمەش خۆناتوانرێ پێی بڵێین نەتوانین و بێ دەسەڵاتی.

بەڕێزەکەم یەکێ لەقسەکانی ترت وتووتە: پەرستنی مانگاباشترەلەئەڵلا، ئەی کەباشترەبۆناچی مانگاپەرستی وداواکاریەکانت جێ بەجێ بکات ولەژێرسێبەری بحەسێیتەوەتاژیانت ماوە؟!

گیانلەبەرێک کە دروستکراوەلەلایەن ئەڵلا، دروستەبپەرسترێت؟

دواتردێیتەسەرقورئان ودەڵێی: (لەکوێی ئەم قورئانەدا ڕێزی لەمن گرتووەئیسلام، تامن بێ ڕێزی نەکەم؟!) بەنووسینەکەت وادیارەقورئانت باش لێک داوەتەوەوهەڵی دەسەنگێنی وزۆربەباشیش تێی گەیشتی، بۆیەدەتەوێت بێ ڕێزی بکەی بەرامبەری، چونکەهیچ شتێکی بەسوودت تیانەبینیوەکەڕێزلە

تۆومرۆڤایەتی بگرێت!!من گومانم هەیەلەوەی کەتۆ دەستیشت بەقورئانی پیرۆزکەوتبێت، تەنانەت سورەتێکیشت لێی خوێندبێتەوە، گەرئەوەشت کردبێ ئەواتەنهاخوێندنەوەبووەوهیچی تر نا، ئەگینابەهیچ شێوەیەک ئەم قسەیەت نەدەکردبەڕێز، دیارترین نموونەوجوانترین وەڵام بۆئەم قسەیەت ئەم ئایەتە

ی ئەڵلایەکەدەفەرموێ: (لَقَدخَلَقنَاالانسَانَ فی ڕِحسَنَ تَقویم) . ئایائەمەڕێز

گرتن نیەبۆدروست بوون و جیاکردنەوەی شێوەوئاکاری تۆ لەگەڵ هەموزیندەوەرێک؟

یاخوددەڵێی: (بۆچی ئەڵا پیاویش سک پرناکا، یائەڵلاناتوانێ ئەمەبکات؟!)

ئایاسک پڕکردن کارێکی گرانترەیامردن وزیندووکردنەوە؟بێگومان دەتوانێ، بەڵام ئەوکاتەئەرکی ئافرەت وپیرۆزیەکەی لەچی دەمێنتەوە؟!ئەی ناوی ئافرەت و پیاووتایبەتمەندیەکانیان چۆن لەیەکترجیابکەینەوە؟

یان دەڵێی: (کێ هەیەگەڕابێتەوەدوای مردن باسی عەزابولقەبربکات. ) .

گەریەکێک بگەڕابووایەوەلەنێوقەبراوباسی عەزابەکەی بۆتۆبکردایە، هەرگیز

قسەی وابەسەرزارتانەدەهات، لێت ئەبووبەدێوەزمەی شەوانەوخەوی لێ حەرام دەکردی، وەتاکومردن سەرت بۆئەڵلالەکڕنووشدادەبوو، وەئەڵلاش کاری وات پێ نیشان نادات لەبەرئەوەی دەیەوێ تۆتاقی بکاتەوە تاچ ڕادەیەک باوەڕی پێ دەکەی، مردن شتێکی خەیاڵی نیەوهەمووماں لەکەسو کارودۆستانمان بەهۆی مردن لەدەست داوە؟، بۆچی ناگەڕێنەوە؟!!ئەمەش روونترین بەڵگەیەکە، کەرۆحی ئەم کەسانەئەچێت بۆدونیایەکی یەکجاری جیاوازلەم دونیایەی کەئێمەتێیدادەژین، ئەوکات زوڵم وکاری باش دەردەخرێن وئەوکەسانەش کەباوەڕیان بەبوونی ئەڵلانەدەهێناودژی دەوەستان ئەم ڕاستیەیان لەهەموخەڵکانی ترزیاتربۆڕوون دەبێتەوە، چونکەپێش هەمووکەسێک ئەوان بوونەتەڕێگرلەبەردەم ڕاستیەکان دەبێ بۆیانبسەلمێنرێت کەچۆن خۆیان لێ ی گێل کردبوولەدونیابەزمانی خۆیان دان بەم ڕاستیە دەنێن

بێینەسەرباسی پێغەمبەر (د. خ) کەتۆدەربارەی ئەم کەسایەتیەئەدوێیت وئەڵێی: (کەس نیەبزانێت محمدپێش ئەوەی ببێت بەئیسلام لەسەرچ دینێک بووە!!) ، با من پێت بڵێم، چونکەنایزانیت، پێش ئەوەی محمد (د. خ) ببێت بە

پێغەمبەر، لەسەردینی باووباپیرانی کەحەزرەتی ئیبراهیم ونەوەکانی بوون

سەلامی ئەڵلایان لەسەربێت.

بۆتانەگرتنیشت لەسەرچۆنیەتی شێوەی محمد (د. خ) من بۆئەڵلای بەجێ دەهێڵم وئەمەکاری من نیە، چونکەبوونی شێوەبەهەرجۆرێک، هیچ لەپیرۆزی ئەوکەم ناکاتەوەوفەرموودەکانی لەگەڵ بەڵگەگەورەکەی کەقورئانی پیرۆزە،

هەربەزیندوویی دەمێننەوە.

جالەکۆتایی دا دەمەوێت بڵێم کەئەم هەموونووسینەم بەڕق و کینەوقسەی ناشیرنەوەبڵاونەکردوَتەوە، چونکە ئەڵلاکەدروستکەری من و هەمووگەردوون و زیندەوەری سەرزەوی یە، فێری کردووم لەقورئانە پڕلەنووروبەرەکەتەکەی

کەوارێزلەهەمووشتێک بگرم ونەرم و نیان بم لەگەڵیاندا.

وەبۆهیچ مەبەستێکم نەبووەتەنهائەوەنەبێ کەبەنووسەری بەڕێزبڵێم
چارەنووسێکی زۆرخراپ وترسناک چاوەڕێت دەکات کە هەرگیزنەت بینیوەو، هەرکاتێکیش دەرفەتت لەدەست چوو پەشیمانی داد نادات و هیچ چارەیەکی بۆت پێ ناکرێ، بۆیەداوات لێدەکەم کەبچیت خۆت بەشت گەلێکەوەخەریک بکەیت کاتت بەفیڕۆنەدات، چونکەباش بزانە ئەگەرلەیەک چرکەشداهەزاران جوێن و قسەی ناشیرین بەرزکەیتەوەبەرەوئاسمانەکان و ئەڵڵاهەڵیدەی، ئەوالەوحاڵتەشدائەڵڵای دروستکەروبەدەسەڵاتترلەتۆ بەزەیی و حەوسەڵەی خۆی فراوانترو درێژتردەکاتەوە، تاکورۆژێک لەڕۆژان تۆش وەکوعەبدەکانی تر کە لێیان ئەبوورێت و ئەیان بات بۆ بەهەشت ولەژێرسێبەری خۆی ئەیان حەسێنتەوە، لەقەڵم بدات، کەلەورۆژەداهیچ سێبەرێک نیە جگەلەسێبەری پیرۆزی خۆی.
زۆر لەدڵم گرانە مرۆڤێَک بەرنارەزایی ئەڵڵا کەوێت، بەتایبەت کەلەهاوخوێنی خۆم بێت و ئاووهەوای ئەم کوردستانەی هەڵمژیبێ.
ئەی ڕێزلێنراولەلایەن ئەڵڵای دروستکەرتەوە، تۆبۆنایەیتەسەردابەزینی دەسەڵاتدارەخوێن مژەکانی هەژارانی ناوکوردستانەوەکەڕۆژلەدوای ڕۆژسیناریۆوفیلمێک بۆئەوگەلەستەم دیدەسازدەکەن، بەئارەزووی خۆیان گاڵتەبەمرۆڤایەتی وهەست وویژدانیانەوەدەکەن؟
بۆباسی ئەوەناکەیت تاچ کاتێک ئەوورگ ئەستوورانەتێردەبن بەخوێن و ماندووبوونی ئەم میللەتەماڵ ومناڵیان یپَی پێ ئەگەیەنن؟
ئەڵلازەوی بۆفەراهەم کردووین بۆبەسەربردنی ژیانێک بەیاساورێسایەکی ڕێک وپێک، ئایائەوبەرپرسیارەلەوەی کەوامرۆڤەکان خۆیان تووشی سەرلێشێواوی وگومڕایی دەکەن؟!
ئایائەڵلافەرموویەتی خۆتان بتەقێننەوەومرۆڤی بێ تاوان بکوژن؟!
ئایابەبڕوای تۆئەڵلاپارتی ویەکێتی هانداکەبەگژیەکتردابچن و شەڕی ناوەخۆبەرپابکەن وبەسەدان کوڕەهەژاربنەقوربانی لەنێوانیان لەپێناووەگرتنی کورسی؟
لەتۆدەپرسم ئەوقورئانەی کەبەبڕوای تۆ هیچ پەیوەندیەکی بەئەڵلاوەنیە، ئەی بۆتاکوئێستاکەکەس نەیتوانیوەدەستی بۆبەرێ وتەنانەت لەپیتێکیشی بگۆڕێت، لەلایەن گەورەترین دوژمنانی ئیسلامەوەلەگەورەپیاوانی جولەکەوگاورەوە، دەتوانی پێم بڵێی بۆ؟بەبەڵگەووەلامم بدەوە.
میللەتێک کەسەدەهاساڵەلەخیانەتکردن لەگەڵ یەکتری وخۆبەخۆیی کەتۆتەناویەکتر هەرکەسێکی بێگانەدێت گوڵ بارانی دەکات، ئەڵلاتاوانبارەلەوە؟
کۆتایی قسەکانم بەوەدێنم و دەڵێم:زۆرزۆر زیاترولەپێشترن لەتۆی بەرێزکەڕۆژانە خۆیان بەم قسە بێ کەڵکانەوەسەرقاڵ دەکەن وهیچیان بۆنامێنتەوە، جگەلەگومڕایی وسەرلێ تێک چوون، هەرئەوئەڵلایەیەکەبەمەلایین کەسی بێ باوەڕی مراندوئاسەواری کوفروزوڵمەکانیانی تەفروتوناکرد، یاساکەشی هەربەردەوامەتاکورۆژی پەسڵان ئەوانەی ئێستاش قسەناشیرین وبێ ڕێزەکانیان بەرزئەکەنەوەبەرامبەربەئەو، هەمان چارەنووس چاوەڕێیان دەکا، بەڵکوخراپتریش لەوانەی گوزەشتە.
بۆیەئەڵێم ئەی نووسەرەبەڕێزەکەچیترخۆت هەڵمەخەڵتێنەکاری وابکەی چونکەئەڵلا منەتی بەوقسانەنیەوئازادیشی کردووی کەچیت لەدەست دێ بیکەی تاکوکاتی سەرەمەرگت، ئینجاکاری لێپرسینەوەی ئەولەگەڵ تۆدەست پێ دەکا، تۆش وەکوئێستائەم قسانەبەرامبەربەودووبارەبکەوە.
هیوادارم ببی بەکەسێک لەوکەسانەی کەئەڵلاخۆشیانی ئەوێن، چارەنووست بەم حاڵەنەگات.
*هەرکاتێک گلەیی وگازاندەت هەبوودەتوانی بیان نێری بۆئەم ئیمەیڵە بەڕێزەکەم:

Klawrojna_2006@yahoo. com

www.kurdistannet.org

**بەکاتی ناوەندی ئەوروپا** 21-7-2006 13:40